**عامر ئیبراهیم قەندیلچی**

# ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری راگەیاندن‌و رۆژنامەگەریدا

**وەرگێرانی**
**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**دەقی نامیلکەکە بەعەرەبی**

توثيق الصورة في الاعلام الصحافة
تأليف؛ عامر ابراهيم قنديلجي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، من سلسلة؛الموسوعة الصغيرة،بغداد- ١٩٩٦

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب : ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەری دا
- نووسەر: عامر ئیبراهیم قەندیلچی
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : نەوزاد عەلی ئەحمەد
- پیتچنین: نەوزاد عەلی ئەحمەد
- دیزاینی ناوەرۆک : زانا کەمال
- بەرگ : ئارام عەلی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ١٩٩
- چاپخانە: کارۆ
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٦٤١) ساڵی (٢٠٠٨)

## ئیندێکسی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| **یەکەم؛** پێشەکییەکی گشتی سەبارەت بە سوودو جۆرەکانی وێنە | ١١ |
| ا- مەوادەکانی بیستنو بینین | ١٣ |
| ب- وێنە | ١٥ |
| ج- سوودەکانی | ١٨ |
| د- جۆرەکانی وێنە | ٢١ |
| **دووەم؛** هەڵبژاردنو وەرگرتنی وێنە | ٢٧ |
| ا- سەرچاوەکانی وێنە | ٣٠ |
| ب- هەڵسەنگاندنی وێنە | ٣٨ |
| ج- شێوەکانی وێنە | ٤١ |
| **سێیەم؛** ڕێکخستنو پۆڵێنکردنی وێنە | ٥١ |
| ا- جێگیرکردنی زانیاریو خاسیەتەکان | ٥٤ |
| ب- پۆڵێنکردنی وێنە | ٥٦ |
| **چوارەم؛** پاراستنو هەڵگرتنی وێنە | ٦٧ |
| ا- پاراستنو هەڵگرتنی وێنە | ٦٩ |
| ب- مەرجەکانی پاراستنی وێنە | ٧٣ |
| **پێنجەم؛** خواستنو گەڕاندنەوەی وێنە | ٧٥ |

## ئینډێکسی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| **یەکەم؛** پێشەکییەکی گشتی سەبارەت بە سوودو جۆرەکانی وێنە | ١١ |
| ا- مەوادەکانی بیستنو بینین | ١٣ |
| ب- وێنە | ١٥ |
| ج- سوودەکانی | ١٨ |
| د- جۆرەکانی وێنە | ٢١ |
| **دووەم؛** هەڵبژاردنو وەرگرتنی وێنە | ٢٧ |
| ا- سەرچاوەکانی وێنە | ٣٠ |
| ب- هەڵسەنگاندنی وێنە | ٣٨ |
| ج- شێوەکانی وێنە | ٤١ |
| **سێیەم؛** رێکخستنو پۆڵێنکردنی وێنە | ٥١ |
| ا- جێگیرکردنی زانیاریو خاسیەتەکان | ٥٤ |
| ب- پۆڵێنکردنی وێنە | ٥٦ |
| **چوارەم؛** پاراستنو هەڵگرتنی وێنە | ٦٧ |
| ا- پاراستنو هەڵگرتنی وێنە | ٦٩ |
| ب- مەرجەکانی پاراستنی وێنە | ٧٣ |
| **پێنجەم؛** خواستنو گەڕاندنەوەی وێنە | ٧٥ |

# پێشەکی وەرگێر

لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ چەند مامۆستاو خەمخۆرێکی پاراستنی کەلەپورو کولتوری کوردی دوای چەندان کۆبوونەوەو دانیشتنو دیدار پڕۆژەی دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستانمان گەڵاڵە کرد،کە وەک ئەرشیفێکی دەوڵەتی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتو سەنتەری ئەرشیفەکەش شاری سلێمانی بێت،یەکێک لەو گرفتانەی کە لە هەموو کۆبوونەوەکان دووبارەمان دەکردەوە چۆنیەتی پۆلێنکردنو ریزبەند کردنی بەڵگەنامەوکەلوپەلەکانی‌تر بوو، هەر یەکێکمان لە لای خۆمانەوە دەستمان بە خوێندنەوەی سەرچاوەو زانیاری کۆکردنەوە کرد، بە تایبەتی سەبارەت بە سیستەمی پۆلێنکردن، من بە رێکەوت لە یەکێک لە کتێبخانەکانی سلێمانی ئەم نامیکەیەم بینیو دوای خوێندنەوە، بڕیارمدا بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕم، بە پەلە چەند لاپەڕەیەکم لێ وەرگێڕاو خستمە بەرچاوی خوێنەران، بەڵام کە کەوتمە





دەرەوەی وڵاتو سەیری چەند ئەرشیفێکی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک سویدم کرد،بۆم روونبووەوە، بەڵێ؛ هێشتا لە کوردستاندا دەکرێت سوود لە زانیارییەکانی ئەم نامیلکەیە ببینرێتو،بۆیە جارێکی‌تر خوێندمەوەو کەوتمە وەرگێڕانی تەواوی کتێبەکە.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیەدا هەوڵم داوە لە دەق دەرنەچم بەڵام قاڵبی زمانو رێنووسی کوردیم نەشکاندووە، تەنیا لە چەند شوێنێکدا هەندێک نموونەم فەرامۆش کردووە، کە هەستم کرد پێویست بە وەرگێڕانیان ناکات.

لە بەشی سێیەمی نامیلکەکەدا بۆ باشتر گەیاندنی زانیارییەکان نموونەکانم لەسەر پێکهاتەی حزبەکانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئیدارەی حکومەتی ناوبراو پڕاکتیزە کردووە، چونکە نووسەر نموونەکانی لەسەر پێکهاتەی دامودەزگاکانی بەعسو حکومەتی پێشووی عیراق هێناوەتەوە.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە یەکەمین کتێبی چاپکراوی کوردی‌یە سەبارەت بە ئەرشیفکردنی وێنە، ئەگەرچی زانیارییەکان ئەوەندە مۆدێرن نین

بەڵام دەکرێت لە هەندێک بواری ئەرشیفکردنی وێنەدا وەک سەرچاوە بەکاربهێنرێت، یاخود وەک سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی چۆنیەتی ئەرشیفکردنی وێنە سوودی لێ ببینرێت.

لە کۆتایدا هیوادارمو پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی رۆشنبیری یاخود هەر دەزگایەکی تری رۆشنبیریو رۆنامەگەرییو راگەیاندن گرنگی زیاتر بە ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنی وێنە بدەن.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید - ستۆکهۆڵم
Nawzad.ali@hotmail.com

# یەکەم
# وێنە بوونی، سوودەکانی، جۆرەکانی

# ١- ماددەکانی بیستنو بینین

مادەکانی بیستنو بینین وەکو لە ناو لێنانەکانیانەوە دیارە بریتین لەو ماددانەی کە لە کاتی گواستنەوەو گەیاندنی زانیارییەکان پشت بە هەستی بیستنو هەستی بینین یان هەردووکیان دەبەستنو دەتوانین بەم شێوەیە دابەشیان بکەین؛

١- ماددەکانی بیستن

پەیوەندیان بە هەستی گوێگرتن هەیە وەك رادیۆ، تۆمارکەری دەنگ،وەک کاسێت یان قەوان.

٢- ماددەکانی بینین

پەیوەندییان بە هەستی چاو هەیە وەك وێنەی فۆتۆگرافیو رەسمو پۆستەر بە جۆرە جیاوازەکانیەوەو رەسمی کاریکاتێریو کەڤەر سلایدو سلایدی فیلمی جێگیرو مەوادەکانی نەخشەدانان.

٣- مەوادەکانی بیستن.. بینین

پشت بە هەردوو هەستی بیستنو بینین دەبەستێت وەك فیلمی جوولاوەو سلایدی قسەکەرو





سلایدی جێگیرو تۆمارکەری ڤیدیۆ( تۆمارکەری وێنەیی) لەم باسەدا زیاتر لە مەوادە گرنگەکانی بینین لە بواری رۆژنامەگەرییو راگەیاندن دەدوێین، بە تایبەتی وێنەی بینینی فۆتۆگرافی، ئەم ماددەیە کۆمەڵێك نهێنیو توانای هەیە بۆ نواندنی واقیعو بە دیارخستنی پسپۆریی لە سۆزو پراکتیزەکردنی مرۆڤایەتی بە هەموو لایەنێکییەوە بەرامبەر بە بینەران یان خوێنەران، وشەی نووسراو ئەگەر هەموو توانای رۆژنامەنووسیی لە رووی زمانو نووسینەوە تێدا بەکاربهێنرێت ناتوانێت پەیامەکەی لە باری واتاو هەستو واقیعییەوە وەک ئەو کامێرایە بە خوێنەران یان بینەران بگەیەنێت کە بە دەست وێنەگرێکی زیرەكو داهێنەرە، وشە بە گوێرەی وابەستە بووی بە سروشتە رەمزییەکەی لە کۆمەڵێك وشەی بەکارهاتوو دەخولێتەوە، ئەزموونەکان گرنگی بەکارهێنانی مەوادەکانی بیستنو بینینیان بە دیارخستووەو وێنە لەم بوارەدا بەشێکە لە جێگیرکردنی زانیارییەکان لە مێشکی مرۆڤو جوولاندنی هەستی مرۆڤ بەرامبەر بە رووداوێکی دیاریکراو بە لایەنی خراپ یان باش.

## ب- وێنە

لەم بوارەدا وێنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێك جار دەتوانرێت لەگەڵ وشەدا بە شێوەیەکی هارمۆنی بەرجەستە بکرێت، وەکو لە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییە سەرکەوتووەکاندا رۆڵی دیارە، وێنە لە کۆنەوە تا بە ئێستا دەگات زمانێکی جیهانییەو لە هەموو دنیادا خەڵك تێی دەگات، مرۆڤی چاخە دێرینەکان پێش هەزاران ساڵ پێش ئەوەی نووسین سەرهەڵبدات،وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ گوزارشت کردن لە بیرو شێوازی ژیانی وێنەی بەکار هێناوەو بە هۆی وێنەوە بە شێوەی تەعبیری چیرۆکی ژیانی خۆی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان گێڕاوەتەوە، بە هۆی ئەم وێنانەوە مێژوونووسان توانیویانە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤی رووی زەوی بنووسنەوە.

تا ئەو رۆژگارەی نووسین پێشکەوتووەو پیتەکانی ئەلفابێو چاپخانە پەیدابوونە وێنە لە لایەن مرۆڤی خاوەن شارستانییەتیش بەکارهاتووەو پشت بە شێوازی رەسمی دەستیو نەخشەکێشانو





چاپکردن لەسەر پارچە داری هەڵکۆڵدراو بەستراوە. رۆژنامەی هەواڵی هەفتەیی ئینگلیزی یەکەمین رۆژنامەیە کە داری هەڵکۆڵدراوی بۆ چاپی وێنەکانی لە ساڵی ١٦٣٨ بەکارهێناوە، ئەو وێنانە ناتوانین پێیان بڵێین وێنەی فۆتۆگرافی، چونکە وێنەی فۆتۆگرافی پێویستی بە چەند رەگەزێکی سەرەکی هەیە وەك ئامێری وێنەگرتن(کامێرا)+ سەرچاوەی تیشك+ تەنێکی هەستدار بۆ پێشوازی تیشك. وشەی فۆتۆگرافی وشەیەکی ئەغریقی لێکدراوەو بریتییە لە دووبەش فۆتۆس بە واتای تیشكو کراپۆس بە واتای نووسین دێت، واتە نووسینی تیشکی، وێنەگرتنی فۆتۆگرافی (تیشکی)ی بە چەندان قۆناغی جیا جیا تێپەڕیووە تا گەیشتۆتە ئەوەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە، بۆ نموونە وێنە لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەم لەسەر کاغەزێکی هەستدار لە ناوەوەی کامێرا بە دەردەکەوت کە گەلێك جار دوای دەرهێنانی لە کامێرا وێنەکە رەش دەبوو،و ئەو کامێرایانە گەورەو گران بوونو بەکارهێنانیشیان ئاسان نەبوو، پێشکەوتنی هەقیقی لە بواری وێنەگرتنی تیشکیدا لەسەر دەستی زانای فەرەنسی جۆزێف نیپس بووە،

کە توانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو بگرێت کە خاسیەتی مانەوەی لەسەر کاغەزی هەستداری پێ بەخشی واتە دوای دەرهێنانی لە کامێرا تێك نەدەچوو، ئەمەش لە ساڵی ١٨٢٢زدا یان لە ساڵی ١٨٢٦زدا بوو( مێژوونووسان سەبارەت بەم مێژووە جیاوازیان هەیە- عامر)

لە ساڵی ١٨٣٥ فۆکس تالبۆت کاغەزی نێگەتیڤی بە قەوارەی یەک (بوصة) بەکارهێنا. لە ساڵی ١٨٣٩ جۆن هرسکڵ-ی زانا ماددەی جێگیرکردنی وێنە( فیکسەر)ی بەرهەم هێنا بۆ تێك نەچوونی وێنە کە تا ئێستا بە ناوی هیپۆ بەکاردەهێنرێت.

ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگراف-ی ئەمریکی لە ساڵی ١٨٨٠ توانی ڕێگای پلە پلەکردنی سێبەر بۆ گواستنەوەی وێنەی فۆتۆگرافی لەسەر پارچە زەنگ بەکار بهێنێت، ئەم مێژووە هەنگاوێکی چۆنایەتی گرنگ بوو لە مێژووی وێنەی فۆتۆگرافی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا.

پێشکەوتنی چاپەمەنیو بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو زیاد بوونی ململانێ لە نێوانیانداو پێشکەوتنی وێنە بە شێوازێکی زانستی ئەمانە هەمووی هۆکارو یارمەتیدەر بوون بۆ بەرەو





پێشەوەچوونی وێنەی ڕۆژنامەگەریی، کە هیچی لە گرنگی هەواڵو بابەتی نووسین لە ڕۆژنامەو گۆڤاردا کەمتر نەبووە.

## ج- سوودەکانی وێنە

پێش نووسینەوەی مێژوو، بە هەزاران ساڵ وێنە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە، وێنە زمانێکی جیهانییەو یەکسانە بە سەدان وشەو دەستەواژەی نووسراوو چاپکراو، وێنەی فۆتۆگرافی لە بواری ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندندا یەکێکە جۆرە گرنگەکانی وێنە کە دەتوانێت گوزارشت لە هەموو چالاکیو مومارەسە مرۆییەکان بکات، لە توانایدایە کە نمایشی واقیعو هەقیقەتەکان بە ڕاستگۆیانەو عەفەویانە پێشکەش بکات، ڕۆژنامەو گۆڤارێکی بیانی نابینین کە گرنگی بە وێنە نەدابێت، چونکە وێنە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی ڕوونکردنەوەو ڕاگەیاندنو جاڕدانو تەشویقو ئاڕاستە کردن، ئەمەو سەرەڕای گرنگیو ئەرکە ئیستاتیکیکەی،

دەتوانرێت سوودەکانی وێنە لەم ڕستانەدا بە دیار بخرێن؛

١- ئەو وێنانەی کە لەگەڵ وتارێک یاخود بابەتێک بڵاودەکرێنەوە کەشێکی واقیعی درووست دەکات، مرۆڤ بە تەبیعەتی خۆی هەردەم هەڵی ئەوە دەدات ئەو وشەو فکرانەی کە دەیخوێنێتەوە لە زاکیرەیدا بۆ وێنە بیانگۆڕێتەوە، لە کاتی بەکارهێنانی وێنە لەگەڵ هەواڵێك یاخود وتارێکدا، زیاتر زیندوویێتی بە بابەتەکە دەدات بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ ئەو هەواڵو وتارانەد بەراورد بکەین کە وێنەیان لەگەڵدا نیە.

٢- وێنە وا لە خوێنەران دەکات کە وردتربنو بتوانن دەلالەتی‌تر بدۆزنەوە لە ڕێگای هەواڵێکی وێنەداردا لە ڕۆژنامە یان لە گۆڤاردا.

٣- وێنەی ڕۆژنامەگەریی باشو سەرکەوتوو خوێنەر بۆ لای وتارەکە یاخود ریپۆرتاژەکە رادەکێشێتو وا دەکات کە گرنگی بە بابەتە بدات، زۆر لە خوێنەران لە ڕێگای سەرسامم بوونیان بە وێنەوە هەواڵێک یان وتارێک یاخود ریپۆرتاژێک لە ڕۆژنامە یاخود گۆڤاردا دەخوێننەوە

٤- خوێنەر لە ڕێگای وێنەوە زانیاری و فکرەو ئەحاسیسی چنگ دەکەوێت بە بێ ئەوەی پێویستی بە وردەکاری زۆرو نووسینی درێژدادڕ سەبارەت بە





بابەتەکە هەبێت، وەك زانای چینی کۆنفۆشیۆش دەڵێت؛ هەزار وشە بە قەد وێنەیەك روونتر نادوێت.

٥- وێنە یارمەتیدەرە تا زانیارییەکان لە مێشکدا جێگیر ببن، چونکە هەواڵو وتاری وێنەدار لە مێشکدا باشتر دەمێننەوە،وەک هەواڵو وتارێکی خاڵی لە وێنە.

٦- وێنە ئاسۆی ڕۆشنبیری بۆ خوێنەر والا دەکات، لە ڕێگای وێنەوە مرۆڤ کۆمەڵێك زانیاری رۆشنبیری گشتی وەردەگرێت وەك ناسینی دابو نەریتی نەتەوەکانو هەروەها دوا داهێنانی زانستیو شتی‌تر.

٧- وێنە گرنگیو سوودێکی بەڵگەنامەیی هەیە کە راستی هەواڵێکو هەقیقەتی ڕووداوێکو چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە تەئکید دەکاتەوە، بوونی وێنە لە هەواڵ یاخود وتار یان بابەتێکدا بەڵگەیەکی تەواوە ، ئەگەر گومان لە ڕاستگۆیی یەکێك لە هەواڵەکاندا بکرێت بە تایبەتی هەواڵی سیاسی، بەڵام ئەگەر وێنەیەك لەگەڵ هەواڵەکەدا بڵاوکرابێتەوەو ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکە بێت ئەمە دەبێتە بەڵگەو گرنگی هەواڵەکە زیاتر دەبێت.

٨- لە کۆتایدا، نابێت بەهای جوانی وێنەی فۆتۆگرافی سەرکەوتوو لە بیر بکەین کە تا چەند کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر خوێنەران هەیە و شێوەیەکی هونەری جوانی سەرنجڕاکێشەرو پڕ شەوق بە هەواڵەکە یاخود بە بابەتەکە بە شێوەیەکی تایبەتی و رۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە بە شێوەیەکی گشتی دەدات، ئەمەش پەیوەندی بە سەرکەوتنی وێنەگری فۆتۆگرافی هەیە و تا چەند دەتوانێت داهێنەر بێت لە هەڵبژاردنی گرتە و گۆشە و بیری داهێنەرانەی نوێ، ئەمە و سەرەڕای رۆڵی رەنگەکان و کاریگەریان لەسەر مرۆڤدا،کە لە لاپەڕەکانی دادێ روونی دەکەینەوە.

## د- جۆرەکانی وێنە

رۆژ لە دوای رۆژ لە جیهاندا زیاتر گرنگی بە وێنەگرتن دەدرێت، رۆژنامەو گۆڤارو مەڵبەندەکانی زانیاری پێشبڕکێیانە بۆ وەرگرتنی هەموو وێنەیەکی نوێو غەریبو پڕ شەوق تا لە رووداوەکان دانەبڕێنو بە هۆی وێنەی تەعبیرکراوو سەرکەوتوو خوێنەران زیاتر بۆ لای خۆیان رابکێشن،





هەر بۆیە پرۆسێسی دابەشکردنی وێنە بۆ بابەتی سنووردارو ورد یەکێکە لە کارە سەختەکان، تا هەندێک جاریش ئەو دابەشکردنە عەمەلی نیە،هەر چۆن بکەوێتەوە دەتوانین ئەم بابەتە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین؛

ا- کۆمەڵەی وێنە شەخسییەکان یا وێنەی شەخسی.

ب- کۆمەڵەی وێنەی بابەتەکان یان وێنەی بابەتی.

هەروەها دەتوانین وێنەی بابەتەکان یان وێنەی بابەتی بۆ ئەم لقیتر دابەش بکەین؛

١- وێنەی بۆنەکان وەک؛ پێشوازیو ئاهەنگی رەسمیو نیشتمانیو نەتەوەییو جەژنە ئاینیەکانو سەردانو شتیتر.

٢- وێنەی رووداوەکان، رووداوی خۆش بێت یان ناخۆش، وەك؛ کارەساتی دەگمەنی سرووشتی، دۆزینەوەو هەڵدانی کەشتییە ئاسمانییەکان.

٣- وێنەی شوێنو جێگا جوگرافییەکان، کە شارو بەشێک لە شارو شاخو رووبارو دارستانەکان دەگرێتەوە، هەروەها وێنەی شوێنە گەشتو گوزارییو ناوچەی جوگرافیتریش.

٤- وێنەی شوێنەوارەكان، ناوچە شوێنەوارییەكانی شارستانێتییە جۆراوجۆرەكان دەگرێتەوە.

٥- وێنەی پڕۆژەكان، وەك پڕۆژەكانی پیشەسازیو كشتوكاڵو ئاوەدانكردنەوە.

٦- وێنەی جەنگەكان، بریتیە لە وێنەی ڕوودانی جەنگو شەڕەكان.

٧- وێنە وەرزشییەكان، وێنەی یاریو پێشبڕكێیە جۆراو جۆرەكانی وەرزش دەگرێتەوە.

٨- گرتە هونەرییەكان، ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە زیرەكی وێنەگر لە بەكارهێنانی كامێراو وەرگرتنی حاڵاتی ئاسایی ڕۆژانە بە دیاردەخات كە وێنەگر وەک گرتەیەكی فۆتۆگرافی جوان وێنەكە دەگرێت.

سەرەڕای ئەو دابەشكردنە تێكەڵاوییەك لە نێوان وێنەی بابەتی لە لایەكو وێنەی بابەتیو شەخسیدا لە لایەكیتردا هەیە، بۆ نموونە؛ چەندان وێنەی بواری وەرزشی هەیە دەچێتە خانەی بابەتەكانی بۆنە، یاخود وێنەی شوێنەوارەكان، لە هەمانكاتدا وێنەی گەشتو گوزاریشە، ئەم حاڵەتە وێنەی شەخسیش دەگرێتەوە، هەروەها چەندان وێنەی شەخسی هەیە دەچێتە خانەی بۆنەكان،





یاخود كردنەوەی پڕۆژەكان، یان لە كاتی یارییە وەرزشیەكاندا، ئەو نموونانە هەموویان وێنەی بابەتین، ئینجا بۆ ئەوەی ئەم تێكەڵییە نەمێنێت پێویستە وێنەكە لە دانەیەك زیاتری لەسەر بگیرێتەوە تا یەكێك لە وێنەكان لە خانەی وێنەی كەسی ئەویتر لە خانەی وێنەی بابەتی بپارێزرێن.

هەروەها دەتوانین وێنە بۆ چەند جۆرێك دابەش بكەین، بە تایبەتی لە باری ئامانجی بەكارهێنانیدا بەم شێوەیە؛

١- وێنەی هەواڵەكان؛ ئەم وێنەیە لەگەڵ هەواڵدا بەكاردەهێنرێت تا ببێتە تەواوكەری هەواڵە ڕۆژنامەنووسییەكەو ڕوونكردنەوەی زیاتر بە خوێنەران بدات، بەناوبانگترین وێنەش وێنەی ڕووداوەكانو چاوپێكەوتنەكانی نێوان سەرۆكەكانو كەسایەتییە ناسراوەكانە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا.

٢- وێنەی ریپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییەكان؛ ئەو وێنانە دەگرێتەوە كە لەگەڵ ریپۆرتاژەكەدا دەگونجێن، یان ئامانج دەپێكنو لەگەڵ بابەتی ریپۆرتاژەكە دەگونجێن، بە واتایەكیتر بریتین لەو وێنانەی كە وێنەگری گۆڤارو ڕۆژنامەكان پێشتر

خۆیان بۆ ئامادەکردووە، بۆ نموونە ئەگەر ریپۆرتاژێک سەبارەت بە زانکۆیەک یاخود کەسایەتیەک ئامادە بکەین پێویستە هەندێک وێنە بگرین، لە ریپۆرتاژەکەدا پێویستە لە رێگای وێنەوە بە روونی زانکۆکە بەدیار بخەین، بۆ کەسایەتیەکەش بە هەمان شێوەو ئیتر..

٣- وێنەی هونەریو ئیستاتیکا؛ کە بە گرتەی هونەری یان وێنەی تابلۆی هونەری وێنەکێشانو هونەرمەندانیش دەناسرێتەوە، هەروەها وێنەی پەیکەرو هەڵکۆڵینو ئیشەکانی دەستیش دەگرێتەوە، ئەو وێنانە هیچ ئامانجێکی هەواڵی تێدا نیە، بەڵکو تەنیا وەك کارێکی ئیستاتیکایی یاخود هونەری بڵاودەکرێنەوە، کە لە شوێنی دیاری گۆڤارەکان دادەبەزن وەك؛ بەرگ، یان دوالاپەڕە، یاخود لە پاشکۆی دەوریی رۆژنامەکان بڵاودەکرێنەوە.

# دووەم
# هەڵبژاردنو وەرگرتنی وێنە

یەكێك لە پرۆسێسە هونەرییە گرنگەكانی ئەرشیفكردنی وێنە چۆنیەتی هەڵبژاردنو وەرگرتنی وێنەیە، لە نێو هەزاران وێنەی فۆتۆگرافی جیاوازدا، دامەزراوە تایبەتەكان پێویستییان بە دەستنیشانكردنی جۆرو شێوەی وێنەكانە كە پێویستیان پێیانە، بنەمای پێوەرەكەش هەڵسەنگاندنی وێنەیە، لە بابەتەكانی دادێ لەو سەرچاوە گرنگو رێگایانە دەدوێین،كە دامەزراوەكە بۆ بە دەستهێنانی وێنە دەیگرێتەبەر كە چۆن وێنە بەدەست دەهێنێت، پرۆسێسی بەدەستهێنان رەنگدانەوەی لەسەر هەڵبژاردنو وەرگرتنی وێنەدا هەیە، ئەو پرۆسێسە كە لە لاپەڕەكانی داهاتوو باسیان دەكەین، كە بە شێوەی سەرەكی پشت بە سەرچاوەكانی وێنەو هەڵسەنگاندنیانو دانانی پێوەری پێویست بۆ هەڵبژاردنیان دەبەستێت، ئەمەو لەگەڵ بوونی شێوەو قەبارەی داواكراوی وێنەدا .





## ا- سەرچاوەكانی وێنە

دەزگاكانی راگەیاندن لە چەندان سەرچاوەدا وێنە بەدەست دەهێنن، كە هەندێك لەو سەرچاوانە ناوخۆنو هەر دامەزراوەكە خۆیەتی، هەندێك سەرچاوەش دەرەكین كە بە رێگای كڕینو بەشداریو گۆڕینەوە لەگەڵ دەزگاكانیتری راگەیاندنو ئاژانسە تایبەتمەندو پەیامنێرەكانەوە دەتوانن وێنە بەدەست بهێنن، دەتوانرێت سەرچاوەكانی وێنە بەم شێوەیە دابەش بكرێت؛

١- ئەو وێنانەی كە وێنەگرانی رۆژنامە یان گۆڤارەكان لە كاتی گەشتە رۆژنامەنووسییە نەخشە بۆ كێشراوەكانیان بۆ دامەزراوەكان یان شوێنیتر لە بۆنەو ئاهەنگو رووداوەكانو شتیتر دەیگرنو دانەیەك لە وێنەكە لە بەشی زانیاری رۆژنامەكە هەڵدەگرن، ئینجا ئەو وێنانە لە رۆژنامەكە یان لە گۆڤارەكە بەشێكیان دابەزی بێت یاخود دانەبەزی بێت.

رۆژنامەو گۆڤارە زۆر بڵاوەكان بەشی وێنەگرتنو شوشتنەوەو فۆتۆكۆپی خۆیان هەیە، هەوڵ دەدەن

وێنەگری شارەزا دابمەزرێنن تا چاودێری بابەت‌و هەواڵی جۆراوجۆر بکەن کە گرنگیان بۆ رۆژنامەکە یان گۆڤارەکە هەبێت، تا گرتەی کۆمەڵێك وێنەی نوێ‌و باش‌و جۆراوجۆر بنێرنەوە.

٢- ئەو وێنانەی کە کارمەندانی بەشی زانیاری رۆژنامە، لە رۆژنامەو گۆڤاری‌تر دەیبڕن، بە تایبەتی ئەو وێنانەی دانەیان لە بەشەکەدا نەبێت‌و بە سەختی لە سەرچاوەی ئاسایی دەستیان بکەوێت، کۆمەڵێك وێنەی باش‌و روون هەیە کە دەزگا جیاوازەکانی راگەیاندن بڵاوی دەکەنەوەو نموونەیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکەدا نیە، دەتوانرێت بە جوانی ئەو وێنانە ببڕدرێن‌و جارێکی‌تر بڵاوبکرێنەوە، وا روویداوە کە بە رێکەوت هەواڵێکی کەسێتیەک پێویستە بڵاوبکرێتەوە کە پێشتر هیچ گرنگ نەبووەو وێنەکەشت نیە، لەو حاڵەتەدا رۆژنامە یاخود گۆڤارەکە دەتوانێت وێنەی ئەو کەسێتیە لە رۆژنامە یاخود گۆڤارێکی‌تر ببڕێت کە وێنەکەی بڵاوکردۆتەوەو ئەو بڵاویبکاتەوە، تا ئەو کاتەی وێنەیەك یان وێنەیەکی فۆتۆگرافی کەسەکەی دەست دەکەوێت.

٣- ئەو وێنانەی کە دامەزراوەکە لە رێگای





گۆڕینەوە لەگەڵ دامەزراوە رۆژنامەگەریی‌و راگەیاندنەکان یان ناراگەیاندنەکانی‌تردا لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا دەستی دەکەوێت، رۆژنامەو گۆڤارو دامەزراوەکانی راگەیاندن دەتوانن وێنە دووبارەکراوەکان کە لایان دەست دەکەوێت لەگەڵ وێنەی‌تر لە دەزگاکانی راگەیاندندا بگۆڕنەوە کە هەمان وێنەیان نیە، ئینجا ئەگەر ئەو وێنانە هی کەسایەتییەکی ناوخۆ یان هی ئەو بابەتانە بێت کە گرنگی هاوبەشیان هەیە.

٤- ئەو وێنانەی لە رێگای کڕین‌و بەشداریکردنەوە لە ئاژانسە تایبەتییەکان دەگەنە دامەزراوەکانی راگەیاندن، ئەو ئاژانسانەی کە وێنەی بابەتی‌و یاخود هەواڵ یان وێنەی کەسایەتییەکان دەفرۆشن.

چەندان دامەزراوی تایبەت لە بواری وێنەگرتن هەیە کە وێنە بە رۆژنامەو گۆڤارەکان دەدەن، ئەو وێنانەی کە وێنەگرەکانیان دەیانگرن بریتین لە وێنەی کۆمەڵێک بابەت‌و رووداوی جیاوازو جۆراوجۆر ،لە دامەزراوە جیهانییە تایبەتمەندەکانیش بریتین لە ؛ سیبا، فیفا، غاما، ئەلقودس پرێس، سیغما، یۆنایتد پرێس، کیستون،لە گەڵ چەندان

دامەزراوی‌تری لەم چەشنانە، بەم دواییانە یەكێك لەو دامەزراوانە ئەمەی خوارەوەی راگەیاندووە؛

ا- ٥٠ وێنەگری ناسراوی هەیە لە هەموو جیهاندا دەسووڕێنەوە.

ب- لە ٥٤ وڵاتدا وێنە بە ١٢٠٠ گۆڤارو رۆژنامەو كەناڵی تەلەفزیۆنی دەدات.

ج- رۆژانە ٨٠٠٠ هەزار وێنەی رەنگاورەنگ دەگرن.

د- ٥٠٠٠٠٠ هەزار وێنەی ئامادەكراو لە كاتی داواكردندا لە ئەرشیفەكەیدا هەیە.

ها- ئەوانەی كە پێویستیان بە وێنە هەیە دەتوانن بەشداری مانگانە بكەن.

٥- ئەو وێنانەی دیارین، یان لە لایەن وەزارەتەكانو كۆمپانیاو نووسینگەو دەستەی زانست یان دەستەی دیبلۆماسیەت بۆ دامەزراوەكانی راگەیاندن دەنێردێنو بۆ بڵاوكردنەوە گرنگن، وێنەكان بریتین لە چالاكییەكی دیاریكراو یاخود كۆمەڵێك چالاكی كە پێویستە بزانرێن، لە وەزارەتو دامەزراوە جۆراوجۆرەكاندا بەشی پەیوەندییە گشتییەكادا هەیە كە هەواڵو وێنەی چالاكیو پرۆژە هەمەجۆرەكانیان بە هۆیەكانی





راگەیاندن دەدەنو گۆڤارو رۆژنامەكان دەتوانن سوود لەو وێنانە ببینن، ئەو وێنانە یەكسەر بڵاودەكرێنەوە یاخود لە ئەرشیفدا بۆ پاشەرۆژ هەڵدەگیرێن.

٦- ئەو وێنانەی كە دامەزراوەكانی راگەیاندن لە وێنەگرە بەناوبانگەكان دەیكڕن، كە وێنەی بابەتیو كەسیو گرتەی هونەری بە رۆژنامەو گۆڤارەكان دەدەن، هەندێك وێنەگری لۆكاڵ (مەحەلی) هەن كە لە رێگای كارەكانیان ناوبانگیان پەیدا كردووە كە بە دواداچوون بۆ بابەتو رووداوەكانی ناوخۆو رووداوە مێژووییەكان دەكەن، رۆژنامەو گۆڤارەكان دەتوانن وێنەكانیان وەربگرنو بە گوێرەی پێداویستی لێیان بكڕن.

٧- ئەو وێنانەی كە خەڵك بە دیاری یاخود بە فرۆشتن بە دامەزراوەكانی راگەیاندنی دەدەن، بە زۆری وێنەی كەسین كە زۆرجار لەگەڵ وتارو بابەتەكانیاندا دادەبەزن، هەندێكجاریش ئەو وێنانە بریتین لە كۆمەڵێك وێنەی تایبەت وەك وێنەی كەسایەتی ئەدەبیو هونەریو مێژووییو هی‌تر،كە گۆڤارو رۆژنامەكان بە ئاسانی ئەو وێنانەیان دەست ناكەوێت، بە تایبەتی ئەو

کەسایەتیانەی لە رووی گرنگی کۆمەلاّیەتی، سیاسیو پیشەییەوە پلە دوو یان پلە سێ بن، کە لە کاتی بلاّوکردنەوەی بابەتێکدا ئیدارەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بە مەبەستی بلاّوکردنەوە لەگەڵ هەواڵ یاخود وتارەکاندا دەتوانن داوای ئەو وێنانە بکەن.

زۆربەی دامەزراوەکانی راگەیاندن لە رێگای ئامێرو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە دەتوانن زانیارییە وێنەییەکانیان دەست بکەوێت، ئەو ئامێرانەش ئەگەر بە ئامێرە کۆنەکان بەراوردیان بکەین زۆر خێران بۆ گواستنەوەی رووداوەکانی کاتژمێر( احداث الساعة)ی جیهانی، ئەمانە ئامێرە گرنگو بەناوبانگەکانن:

ا- ئامێری گواستنەوەی وێنە بە رادیۆ یاخود وەك پێی دەلێن تەلۆگراف، کە دەتوانرێت بە هۆی شەپۆڵەکانی رادیۆوە وێنەی فۆتۆگرافی لەگەڵ تەعلیق یاخود کورتەیەك لە هەواڵەکە بگوازێتەوە، وێنەکە لەسەر بەکرەی قەوانێک دەبەسترێتو ئامێری پەخشو ناردنەکە بە چواردەورەی خۆی دەیسوڕێنێتەوەو بۆ ئامازەی روناکی دەگۆڕدرێت پاشان شەپۆڵەکانی کەهرۆموگناتیسی بە هۆی وەرگری ئیستگەیی یاخود هەوائیات بۆ ئامێری





وەرگرتن دەیگوازێتەوە و بۆ زانیاری تیشکی دەگۆڕدرێت و لەوێ بە هۆی ئامێری پێشوازی وەردەگیرێت و دەبێتە زانیاری روناکیو پاشان دەکەوێتە سەر تەختەی هەستداری جێگیر لەسەر بەکرەی قەوانەکە، کە بە دەورەی خۆیدا دەسوڕێتەوە، پاش کۆتاییهاتن لە وەرگرتنی وێنەکە، تەختە هەستدارەکە لە ئامێرەکە دەردەهێنرێتو پرۆسێسی چاپکردن دەست پێ دەکات ،کە بە شوشتنەوەو دەرکەوتنو جێگیرکردنو وشك کردنەوە ناسراوە.

ب- ئامێری تەلیفۆتۆ ئۆتۆماتیکی؛ ئەمە ئامێرێکی ئالییەو بە ئامێری گواستنەوەی وێنە بە رادیۆ دەچێت، بە تایبەتی لە رووی فەرمانەوە، بەلاّم لەو پێشکەوتووترو خێراترە، لە گەیاندنی وێنە لە هەموو هەنگاوەکاندا بە بێ هۆکاری پێشوازی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وێنەکە دەگوازێتەوە، بە گوێرەی زانیاری داندراو دەتوانێت ٢٥٠ وێنە وەربگرێت، کە لە هەر ١٢ دەقیقەدا یەك وێنە وەردەگرێت، پرۆسێسەکانی چاپکردن بە تەواوی لە ناو ئامێری وەرگرتنەکەدا جێبەجێ دەکرێت، وەکو دەرکەوتنو جێگیرکردنو وشك

کردنەوە، کە بەبێ ئەوەی تابلۆی هەستدار دەربهێنرێتو ببردرێتە ستۆدیۆی چاپکردن، پاش کۆتایی هاتن لە چاپکردنی وێنەی یەکەم، وێنەی دووهەم دێت، ئەم پرۆسێسە بە بێ وەستان بەردەوام دەبێت.

ج- ڤیدیۆچاپ؛ ئەمە دوا ئامێر نیە کە لەم بوارەدا بەکاربهێنرێت، بەڵام بە گوێرەی زانیاری ئێمە یەکێکە لە ئامێرە تازەکان، وێنەی خوازراو لە تەلەفزیۆن بە هۆی ڤیدیۆوە تۆمار دەکرێت، ئینجا ڤیدیۆیەکە بە کۆمپیوتەر دەبەسترێتو پاشان وێنەکە دەخرێتە سەر کاغەز یاخود بۆ کۆپییوتەری بەشی دیزاین دەنێردرێتو لە شوێنو لاپەڕەی مەبەست دیزاین دەکرێت (ئەم جۆرە من زیادم کردووە).

د. رێگای بەکارهێنانی کامێرای دیجیتاڵ؛ ئەمە دوا پێشکەوتنی بواری تەکنۆلۆژیای وێنەیە، کە رۆژانە بەردەوام دەتوانرێت وێنە بگیرێتو بە هۆی هێڵەکانی تۆڕی ئەنتەرنێت بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بنێردرێن، ئەم وێنەیە پێویست بە شوشتنەوەو جێگیر کردنو چاپکردن ناکات، چونکە دەتوانرێت ئەو وێنەیەی کە بۆ بڵاوکردنەوە





هەڵدەبژێردرێت هەر لە رێگای تۆڕی ئەنتەرنێتەوە بۆ بەشی دیزاین بنێردرێت، ئەم رێگایە کەم مەسروفترین رێگایە بۆ دەست کەوتنو بڵاوکردنەوەی وێنە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا (ئەم جۆرە من زیادم کردووە- وەرگێڕ).

## ب- هەڵسەنگاندنی وێنە

گرنگی پرۆسێسی هەڵسەنگاندن یاخود هەڵبژاردنی وێنە هیچی لە کارەکانی تری بواری رۆژنامەگەریدا کەمتر نیە، بەکارهێنانی وێنە لە هەواڵێکدا کە لەگەڵیدا نەگونجێت ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوەو خوێندنەوەیەکی خراپ لە زاکیرەی خوێنەران جێدێڵێت، کۆمەڵێك پێوانەو پێوەر هەیە وێنە هەڵدەسەنگێنێت لەم کە لەم خاڵانەدا کۆدەکرێنەوە؛

١- ئەو وێنەیەی کە ئامادە دەکرێت بە مەبەستی بڵاوکردنەوە، هەڵدەبژێردرێت، پێویستە وێنەکە رەنگدانەوەی واقیعی حاڵی بابەتە بڵاوکراوەکەی گۆڤار یان رۆژنامەکە بێت، بۆ نموونە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئاهەنگێکی جەماوەری یان

ڕووداوێکی زانستی پێویستە ئەو وێنەیەی کە بڵاودەکرێتەوە تەواوکەری ڕووداوەکە بێتو گونجاویش بێت.

٢- ئەو وێنەیەی کە بڵاودەکرێتەوە پێویستە کاریگەری لە لای خوێنەران هەبێتو ببێتە هۆیەک کە خوێنەران زیاتر ئارەزووی خوێندنەوەی وتار یاخود بابەتەکەیان هەبێت

٣- لە لایەنی ڕۆشنبیریو فکرییەوە، پێویستە وێنەکە بەشێکی دانەبڕاوبێت لە بابەت یاخود وتار یان ریپۆرتاژەکە تا یارمەتی خوێنەران بدات بۆ تێگەیشتنو ئیدراک کردن بە بابەتەکە.

٤- وێنەی یەك بابەتی باشترە لەو وێنانەی کە ئاسان نیە بابەتی سەرەکیان تێدا جیابکرێتەوە.

٥- پێویستە ڕەچاوی قەبارەی وێنەکە بکرێت تا لەگەڵ شوێنی دیاریکراوی وتار یان بابەت یاخود هەواڵەکە بگونجێت بە تایبەتی نابێت لە دەقەکە گەورەتر بێت، کە وای لێ بێت خوێنەران ئەوەندە گرنگی بە بابەتەکە نەدەن.

٦- لە ڕووی هونەرییەوە، پێویستە وێنەی ڕوون هەڵببژێردرێت بە تایبەتی وێنەی ڕووخسار یاخود دیمەنی دوور، یان ئەو وێنانەی کە شتی وردیان





تیایە وەك؛ نەخشو نووسینکاریو پاشماوەو شتیتر، لەوە لاوازترو شیاوتر نیە کە وێنەی ڕووخسار ناڕوون بڵاوبکرێتەوە، کە بینەر نەتوانێت سیما سەرەکییەکانی وێنەکە جیابکاتەوە، کە هیچ دەلالەتێکی کەسەکە یاخود حاڵەتەکە یان بابەتەکە نەداتە دەست.

٧- هەروەها وا گرنگە کە ڕەچاوی زەمەن بکرێت لە نێوان ئەو وێنەیەی لەگەڵ هەواڵەکە یاخود بابەتەکە بڵاودەکرێنتەوە، بۆ نموونە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کەسێکی دیاریکراو، یاخود ئامادە کردنی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ کەسەکەدا پێویستە تازەترین وێنەی بڵاوبکرێتەوە، تا بگونجێت لەگەڵ شێوەی ئێستایدا، هەڵەیە ئەگەر وێنەکەی لە ئەرشیف دەربهێنرێتو بڵاوبکرێتەوە، کە وێنەکە دە ساڵ یاخود پانزدە ساڵ پێشتر گیرابێت، ئەم خاڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەی وڵاتو شارو ناوچە جوگرافیەکانیش دەگونجێت.

## ج- شێوەکانی وێنەو قەبارەکانی

وێنە کۆمەڵێك شێوەی جیاوازی هەیە ،وا پێویست دەکات کە بە کورتی ئاماژەیان پێ بدەین؛

### أ- وێنەی ئاسایی (رەش‌و سپی)

ئەمە کۆنترین وێنەیە کە لە بواری رۆژنامەگەریدا بەکارهاتبێت و بەوە جیادەکرێتەوە کە لە رووی بەرهەمهێنانو چاپەوە مەسروفی کەمە، جا ئەگەر لە ناو دامەزراوەکانی راگەیاندندا بەرهەم هاتبێت یاخود لە سەرچاوەی‌تر بەرهەم هاتبێت، ئەم جۆرە وێنەیە لە وێنەی رەنگاورەنگ مەسروفی زۆر کەمترە، ئەمە پێویستی بە جیاکردنەوەی رەنگەکان نیە،لە رۆژی ئەمرۆدا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی وێنەی رەنگاورەنگ وێنەی رەش‌و سپی بەکارهێنانی سنووردار بووە و کەم بۆتەوە.





### ب- وێنەی رەنگاو رەنگ

دوای بڵاوبوونەوەی رەنگ لە زۆر هۆکاری راگەیاندنی جەماوەریدا وەك لە فلیمی سینەماییو وێنەو تەلەفزیۆن، خەڵك بە شێوەیەکی رەها پێشوازی لە رەنگ کردووە، ئەمەش وای لە رۆژنامەو گۆڤارەکان کردووە کە پەرە بە وێنەی رەنگاو رەنگی فۆتۆگرافی بدەن، بە تایبەتی دوای پێشکەوتنی گەورەی چۆنایەتی لە جیهانی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی نوێدا، لە رۆژی ئەمڕۆدا گۆڤارێک نابینین کە وێنەی رەنگاورەنگی تێدا نەبێت، هەروەها رۆژنامەکانیش وەک گۆڤارەکان گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی وێنەی رەنگاورەنگ داوە بە تایبەتی لە لاپەڕە ١ و دوا لاپەڕەو پاشکۆ دەورییەکانیاندا، هۆکاری ئەو گرنگی پێدانەش بە وێنەی رەنگاورەنگ بە پلەی سەرەکی بەندە بە خاسیەتەکانی رەنگ کە ئەمانە گرنگترین خاسیەتن؛

١- رەنگ بەندە بە کەل‌وپەل‌و هەڵوەستەو بابەتی دیاریکراو، ئەمەش یارمەتی خوێنەران

دەدات تا بابەتەکە ئیستیعاب بکەن، یاخود سەیرکردنی وێنە رەنگاورەنگەکە دەبێتە هۆیەک بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە.

٢- رەنگ کاریگەری دەروونی هەیە، کۆمەڵێک زانای دەروونناس سەلماندوویانە کە رەنگ چەندان دەلالەتو واتای تایبەتی لە لای مرۆڤ هەیە کە پلەی نێگەتیڤو پۆزەتیڤەکەی بە گوێرەی لایەنی سرووشتیو پێکهاتەییو پلەی رۆشنبیریو تەمەن جیادەکرێتەوە، کە رۆژنامەنووسێك دەست نیشان دەکرێت بۆ ئامادەکردنی بابەتێك یاخود ریپۆرتاژێکی وێنەدار پێویستە رەچاوی گونجاندنی رەنگەکان بکات لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەیو سروشتی جەماوەریو خوێنەراندا، تا وێنە بڵاوبووەوەکە سەرەڕای جوانیو روونییەکەی کاریگەری پێچەوانەی لێنەکەوێتەوە.

ئەمانە کۆمەڵێك واتای رەنگەکانن کە لێکۆڵەرانو زانایانی دەروونناسی پێیگەیشتوون؛

١- رەنگی زەرد؛ خۆشی، گەشبینی، بەهار،رەونەق، بریقە، لاو، قین.

٢- رەنگی سوور؛ جووڵە، ژیان، خوێن، ئاگر، سۆز، ئازایەتی، تووڕە، رووژان.





٣- رەنگی شین؛ ساردی، سەفا، هێمن، مات، متبوون، هەقیقەت، پاك، رەسمیەتخواز، قووڵ.

٤- رەنگی پرتەقاڵی؛ بەرهەم، کەوتن، ناوەڕاستی ژیان، وریایی، جووڵە، ئاگر.

٥- رەنگی سەوز؛ لاو، بەهار، سرووشت، ئیرەیی، تەماعگیر، غیرەت، نەزانین.

٦- رەنگی مۆر؛ حورمەت، بەلاداداشکاندنەوە، خەمخۆر، نائومێدی،

هونەر.

٧- رەنگی سپی؛ پاکی، بێگەرد، ترس، بەزەیی، نەخۆش.

٨- رەنگی رەش؛ تەمومژ، هێز، خەم.

ئەو خوێنەرانەی کە ئاستی رۆشنبیریان بەرزە رەنگی هێمن، وەک رەنگی سپیو شین بە لایانەوە باشە، بەڵام ئەو خوێنەرانەی کە ئاستی رۆشنبیریان سنووردارە رەنگە بریقەدارەکان، وەک رەنگی سوورو پرتەقاڵییان پێ باشترە.

هەروەها ئەو منداڵانەی کە نەچوونەتە خوێندنگە رەنگی شین پاشان سوور، دوایی زەرد، ئینجا سەوز، پاشان سپییان پێ باشترە، هەروەها منداڵ رەنگی سوور، پاشان شین، دوایی سپی، ئینجا

سەوزی پێ باشترە، گەورەش ئارەزوویان لە رەنگی شین پاشان سوور، دوایی سەوز، ئینجا، مۆر، پاشان پرتەقاڵی‌یە.

سەرکەوتووترین وێنەی رەنگاورەنگی فۆتۆگرافی بەکارهاتوو لە بواری رۆژنامەگەریدا، وێنەی دیمەنی سرووشتی‌و وێنەی جوانی هونەری‌و وێنەی ئاهەنگی جەماوەری‌و بۆنەو پێشبڕکێی وەرزشی‌و فیستیڤالەکانە.

## ج- سلایدەکان

سلاید بریتیە لە وێنەیەکی روونی فۆتۆگرافی لە ناو چوارچێوەیەکی کارتۆنی یان پلاستیکی دەپارێزرێت، چەندان قەبارەی جیاوازی سلایدی فلیمی هەیە، کە گرنگترین‌و زۆربەیان بریتین لە ٢ جاران ٢ ئینج کە هەردەم لە فیلمی ٣٥ ملم-ی وەردەگیرێت.

سلایدی فیلمی لە هۆیەکانی روونکردنەوەو هۆیەکانی راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتدا گوزارشت لە شتێك دەکات‌و تەواوکەری بابەتێکە لە بابەتەکان‌و چەندان بابەتی جیاوازیش





چارەسەر دەکات، هەروەها لە چەندان بواردا بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای لە بواری رۆشنبیری‌و زانستیدا ، مامۆستایان‌و ئەوانەی وانە دەڵێنەوە لە کاتی پێشکەشکردنی موحازرەکانیاندا بەکاریدەهێنن، لە هۆیەکانی راگەیاندنیشدا گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە تەلەفزیۆندا وەك باکگراوندی بەرنامەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەگرتن‌و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا سوودی لێ دەبینرێت، ئینجا بۆ بەرگ بێت یاخود بۆ لاپەڕەکانی ناوەوە بێت، بە تایبەتی کە ئەگەر وێنەی فۆتۆگرافی ئاسایی دەست نەکەوێت، سلاید لە کاتی بڵاوکردنەوەدازیاتر جوانی بە رووبەر دەدات.

## د- وێنەی نێگەتیڤ

ئەو وێنانەی کە لە لایەن وێنەگری رۆژنامە یان گۆڤارێك دەگیرێن لە ئیدارەی رۆژنامە یاخود گۆڤارەکە دەشۆردرێنەوە ،پاشان بەشی وێنەگرتن بە گوێرەی پێویست وێنەکە دانەیەك یاخود زیاتری لێ کۆپێ دەکات، وێنەکە لەبەر چەند هۆکارێک بە

شێوەی نێگەتیڤ هەڵدەگیرێت،لەو هۆکارانە؛

١- چاپو کۆپیکردنی وێنەیتر لەبەر دانە ئەسڵیە نێگەتیڤەکە دەگیرێتەوە، ئەمەش بە تایبەتی لەو کاتانەی کە رۆژنامە یاخود گۆڤارەکە پێویستی بە وێنە هەبێت، یان لەوکاتانەی جارێکیتر بە نیازن وێنەکە بلاوبکەنەوە، یان لە کاتی ونبووندا یاخود تێکچوونی وێنەکەدا.

٢- چاپو کۆپیکردنی وێنەیتر بە مەبەستی دیاری یاخود گۆڕینەوەی لەگەڵ دامو دەزگایتردا.

٣- چاپو کۆپیکردنی وێنەیتر بە مەبەستی فرۆشتن بە تایبەتی ئەگەر دەزگا رۆژنامەگەریو راگەیاندنەکە خاسیەتی بازرگانی بۆ وێنە هەبێت.

کۆمەڵەی نێگەتیڤەکان لە وێنەدا گرنگی گەورەو تایبەتی هەیە، لە حاڵەتی بوونی وێنەی دانسقە کە لە رووی هونەریو بابەتییەوە جۆرەکەی باش بێت، بۆ ئەمەیان لە کاتی پاراستنو ئەرشیفکردنیدا بە رێگایەکی تایبەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە جیاوازترە لە پاراستنی وێنە ئاساییەکان، وێنەی نێگەتیڤ بۆ شێو گەرماو دەست لێدان زۆر هەستدارەو رەنگە تێك بچێت.





# قەبارەی وێنە

وێنەی فۆتۆگرافی لە بواری رۆژنامەگەریدا لە لایەنی قەبارەدا جیاوازی هەیە، کە بچووکترین وێنە دەگرێتەوە لە چەشنی وێنەی ناسنامەی کەسێتی تا دەگاتە وێنەی قەبارە گەورە،کە گەلێکجار وێنەکە بە قەد لاپەڕەی گۆڤار یاخود رۆژنامە گەورەیە، ئەو هەمە چەشنیو هەمە جۆرییە لە قەبارەی وێنەدا چەندان کێشەی لە کاتی بەکارهێنانیان یاخود هەڵگرتنیان بۆ کرێکاران درووست دەکات، چەندان وێنە لە دەزگاکانی راگەیاندندا یەك قەبارەیان هەیە، ئینجا بچووك بێت یاخود گەورە، ئەمەش هەردەم لەگەڵ سرووشتی بابەتدا ناگونجێت، جار هەیە وارێکدەکەوێت لە هەمان وێنەدا وێنەی قەبارە ناوەنجیان پێویستە، یاخود جار هەیە لە هەمان وێنەدا وێنەی قەبارە بچووك یاخود گەورەیان پێویستە، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت کە ئەگەر ئەسڵی وێنەکە بە( نێگەتیڤ) نەبێت،یاخود کلێشەکەی بە سەختی بەکاربهێنرێت، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم

کێشانەدا وا باشترە کە دەزگاکانی راگەیاندن چەند قەبارەیەکی جیاواز لە وێنەیەک هەڵبگرن- ئەگەر ئەمە دەست بکەوێت- یاخود دەکرێت چەند وێنەیەك بۆ یەك بابەت وەدەست بهێنرێت، بە قەبارەی جیاواز .

ناوەڕۆکی بابەتی بڵاوکراوەو شێوەی بابەتەکە ( هەواڵ، وتار، ریپۆرتاژ.. هتد ) رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دەست نیشانکردنی قەبارەی وێنەدا، بابەتی رۆژنامەنووسی بڵاوکراوە ئامانجی سنووردارو دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەو وێنەیەی لەگەڵ بابەتێکدا بڵاودەکرێتەوە بۆ تەئکیدکردنەوەی ئامانجەکەو روونکردنەوەی نووسینەکە بە شێوەیەکی زۆر واقیعی- هەندێکجار- وا دەخوازرێت لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکدا بەشێکی وێنەکە بەدیار بخرێت وەک تەنیا تەرکیز لەسەر یەکێک لە کەسایییەتیەکان لە وێنەکەدا بکرێت، کە خودی وێنەکە بریتییە لە چەندان کەسایەتی، یاخود لە نێوان چەندان ساختماندا تەنیا تەرکیز لەسەر یەك ساختماندا بکرێت.

# سێیەم
# رێکخستنو پۆلێنکردنی وێنە

سەنتەری زانیارییەکان لە دامەزراوە ڕۆژنامەگەرییو ڕاگەیاندنەکاندا کۆمەڵێك وێنە لە خۆدەگرێت، کە کارمەندەکانیان لە کاری ڕۆژانەو لە بۆنەکانو لەو ڕووداوانەی لە مەیدانەکە ڕوودەدەن سوودی لێدەبینن، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی زانستی وێنەکان ڕێکبخرێن، تا کارمەندانو ئەوانەی کاریان بە وێنەکان هەیە بە کەمترین کۆشش بتوانن سوودیان لێ وەربگرن.

دەتوانین بە دوو شێوە پرۆسێسی ڕێکخستنی وێنە جێبەجێ بکەین؛

ا- زانیاریو خاسیەتەکان (لەسەر پشتی وێنەکان) ئاماژەیان پێبدرێت.

ب- بە شێوەیەکی بابەتی وێنەکان جیابکرێنەوە یاخود بە نەخشەیەکی پراکتیکی یان بە شێوەیەکی زانستی شیاو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی دامەزراوەکە بگونجێت.





## ا- زانیاریو خاسیەتەکان ئاماژەیان پێبدرێت

تەنیا بە سەیرکردنی وێنە- لە زۆر حاڵەتدا- بۆ ناسینی بابەتەکە یان خاسیەتە بنەڕەتییەکان یاخود کەسێتییەکان بەس نیە، کە زۆربەی کرێکارانو سوودمەندان لە کاتی ناو هێنانی کەسێتیەکە یان ناوچە جوگرافییەکە هەڵە دەکەنو وێنەکە بە ناڕاست بڵاودەکەنەوە، کە لەگەڵ بابەتەکە یاخود هەواڵەکە ناگونجێت، ئەمەش بەندە بە بیروباوەڕی یادەوەرییەکانو پشت بە زانیارییە نووسراوەکانی سەر وێنەکە نابەسترێت، ئەمەش کار لە ئاستی گۆڤار یان ڕۆژنامەکە دەکات، بۆیە پێویستە کۆمەڵێك نووسراوو زانیاری پێناسین لە قەراغی وێنەکە یاخود لە ڕووی دووەمی(پشتی وێنەکە) بنووسرێت، بە شێوەیەك کە کار لە شێوەی گشتی وێنەکە نەکاتو وەك تۆمارێکی ئەرشیفی درووست لەگەڵ زەمەنی مانەوەی وێنەکە بمێنێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە بریتین لەو زانیاریو

خاسیەتانەی کە وێنە دەناسێنن؛

١- بابەتی وێنەکە؛ ئەمە بە دەستەواژەیەك یاخود ڕستەیەك یان وشەیەك ڕووندەکرێتەوە وەکو؛ شوێنی جوگرافیا، یاخود شوێنێك، وەك؛ شار،دێ،خوێندنگە،کارگە،یاخود ئەو بۆنەیەی کە وێنەکەی تێدا گیراوە.. هتد.

٢- ناوی کەسەکە(کەسەکان) کە لە وێنەکەدا دیارن، ئەمەش بۆ وێنەی کەسێتی زۆر گرنگە.

٣- بەڵام ئەگەر وێنەکە لە یەك، دوو شت تێکەڵاو بوو، پێویستە ناوی کەسەکە (شەخسەکە)و بابەتی وێنەکە بهێنین ، بۆ نموونە ئەگەر وێنەکە وێنەی یەکێك لە لێپرسراوان بێت لە کاتی کردنەوەی میهرەجانێکی وتاردان یاخود لە کاتی کردنەوەی پڕۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوەدا.

٤- مێژووی گرتنی وێنەکە واتە ڕۆژو مانگو ساڵەکە بنووسرێت.

٥- ئەو سەرچاوەیەی وێنەکەی لێ بەدەست هاتووە ناوی سەرچاوەکەو ناوی وێنەگرەگە بهێنرێت کە وێنەکەی گرتووە کە ئەگەر وێنەگری ڕۆژنامە یاخود گۆڤار بێت، بەڵام وێنەکە بە شێوەیەك لەو شێوانە بە دەست هاتبێت کە لە لاپەڕەکانی





پێشەوەدا باسمان لێوەکرد پێویستە بە شێوەیەکی ورد لە پشتی وێنەکە ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی پێ بدرێت بە مەبەستی ناسینی سەرچاوەکە.

٦- مێژووی بڵاوبوونەوەی وێنەکە بۆ یەکەمینجار، کە ئەگەر وێنەکە پێشتر بڵاوبووبێتەوە،تا نەك جارێکیتر هەمان وێنە بڵاوبکرێتەوە..

٧- ژمارەی ئەسڵی وێنەکە یاخود کە بە سالیب(نێگەتیڤ) ناسراوە کە ئەگەر هەبێت بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە پێویست دەکات چاپ بکرێتەوە.

٨- هەر سەرنجێکیتر کە لێپرسراوی ئەرشیفکردنی وێنە پێی گرنگو پێویستە لە کاتی هەڵگرتنی وێنەکان بنووسرێت، کە زیاتر لەگەڵ سرووشتی کاری دامەزراوەکە بگونجێت، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە ڕۆژنامەنووسو کارمەندانی دەزگاکە پێویستیان بە وێنەکان دەبێت.

## ب- پۆلێنکردنی وێنە

تا ئێستا ئەوروپاو ئەمریکاو چەند وڵاتێکیتری پێشکەوتووتری لێ بترازێت نەتوانراوە پێڕەوی

سیستەمی بە ژمارەکردنو پۆلێنکردنی وێنەی فۆتۆگرافی بکرێت، پێشنیار بۆ دامەزراوەکانی زانیاری رۆژنامەگەری‌و دامەزراوەکانی‌تر دەکەم کە پەیوەنددارن بە پاراستنو رێکخستنی وێنە با وەك هەر مەوادێکی‌تری رۆشنبیری‌و راگەیاندن وێنەش بپارێزنو رێکبخەنو پۆلێن بکەن، بە چەشنی هەر مەوادێکی‌تری پۆلێنکراو بێت بە تایبەتی وەک رۆژنامەو گۆڤاری بڕاو.

وەك کارێکی سەرەتایی دەتوانرێت سیستەمی پۆلێنکردنی عەرەبی بۆ زانیارییەکانی رۆژنامەگەری بەکاربهێنرێت کە تائێستا چەندان دەزگا بەکاریان هێناوەو سەرکەوتینان بەدەست هێناوە، هەروەها دەتوانرێت بۆ پۆلێنکردنو بە ژمارەکردنی وێنەی بەڵگەنامەیی ئەم سیستەمە بەکاربهێنرێت جا ئەگەر وێنەکان وێنەی بابەتی یاخود کەسی بن.

بۆ وێنەی کەسایەتیەکان، هەر کەسێتیەك دەچێتە خانەی بابەتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وێنەی وەزیر رەنگدانەوەی ژمارەی بابەتی وەزارەکەیەتی، واتە دەچێتە خانەی ئەو پۆلێنکردنە، هەروەها وێنەی مامۆستای زانکۆ





بەشێکە لە ناوی زانکۆکەی، هەروەها وێنەی کەسێتیەکی حزبی دەچێتە دووتوێی خانەی بابەتی حزبەکەی، وێنەی یاریکەرێکی وەرزشیش لە سیستەمی پۆلێنکردندا دەچێتە خانەی بابەتی وەرزشەوە.

لێرەدا گرنگترین خاسیەتە سەرەکییەکانی سیستەمی پۆلێنکردن رادەگەیەنین؛

٠٠٠ رێکخراوە نێو دەوڵەتی‌و ناوچەییەکان
١٠٠ دەوڵەتو سیستەمی حوکم
٢٠٠ هەرێمی کوردستانی عیراق
٣٠٠ کیشوەری ئاسیا
٤٠٠ کیشوەری ئەفریقیا
٥٠٠
٦٠٠
٧٠٠
٨٠٠ ئۆقیانووسو فەزای دەرەوە
٩٠٠ جیهان (گشتی)

ئەم بابەتانە بۆ بابەتی‌تری لاوەکی دابەش دەکرێن، ئەوانیش بۆ بابەتی وردتر دابەش دەکرێن، بەمجۆرە بە گوێرەی پێداویستی دابەش دەکرێن، ئەمانەش چەند نموونەیەکن؛

# وێنەی لێپرسراوانی وڵات

١١٣ سەرۆکی وڵات

( ژمارە ١٠٠ ژمارەی جوگرافی‌یە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئەو ژمارەیە بۆ هەرێمی کوردستان وەك جوگرافیا دابندرێت، بۆ نموونە ژمارە ١١٠ هەرێمو سیستەمی حوکمە،ژمارە ١١٣-ەش دەبێتە ژمارەی سەرۆکی هەرێم.....)

١١٣/٧ جێگری سەرۆکی هەرێم

١١٥/١ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (وەکو گووتمان ژمارە ١٠٠ ژمارەی جوگرافی‌یە.. ژمارەی ١١٠ ژمارەی هەرێمو سیستەمی حوکمە،ژمارە ١١٥ ژمارەی دەسەڵاتی راپەڕینەو ژمارە ١١٥/٢ ژمارەی جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیرانە)

١١٥/٣جێگری دووەمی سەرۆك وەزیرانە(بۆ نموونە ئەگەر سەرۆک وەزیران دوو جێگری هەبوو)





# وێنەی وەزیرەکان

بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن( بۆ ئاگاداری خوێنەران ئەم خاڵە لەگەڵ یەکێك لە پێکهاتەکانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گونجێنراوە)؛

١١٥/٢٣١ وەزیری ئیشغاڵو نیشتەجێکردن

١١٥/٢٥١ وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی

١١٥/٢٧١ وەزیری تەندرووستیوکاروباری کۆمەڵایەتی

١١٥/٢٩١ وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا

١١٥/٣١١ وەزیری رۆشنبیری

١١٥/٣٣١ وەزیری ناوخۆ

١١٥/٣٥١ وەزیری مرۆڤایەتیو هاوکاری

١١٥/٣٧١ وەزیری ئاوەدانکردنەوە

١١٥/٣٩١ وەزیری کاروباری پێشمەرگە

١١٥/٤١١ وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزار

١١٥/٤٣١ وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری

١١٥/٤٥١ وەزیری پیشەسازیو وزە

١١٥/٤٧١ وەزیری داد

١١٥/٤٩١ وەزیری دارایی ئابووری

١١٥/٥١١ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن

١١٥/٥٣١ وەزیری هەرێم

١١٥/٥٧١ وەزیری هەرێم

١١٥/٥٩١ وەزیری هەرێم

١١٤/٢ ئەندامانی پەرلەمان

( دەتوانرێت ئەو ناوانەی سەرەوە بە گوێرەی ئەلفابێ-ش ریزبەند بکرێن)

## وێنەی سیاسەتمەداران
## ( ئەوانەی لە دەوڵەتدا لێپرسراوێتیان نیە)

٠١٠ ئەمینداریێتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان( هەروەها کەسێتی‌یە دەولیەکانی‌تر ژمارەی ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی‌و ناوچەییانە وەردەگرن کە نوێنەرایەتیان دەکەن)

هەروەها ئەم پۆلێنکردنانەی دادێ لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا گونجێنراون

١٢٢/٤٤ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٢٢/٤٣ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق





١٢٢/١٥ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان- عیراق

١٢٢/١١ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٢٢/٩ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

(ژمارە ١٠٠ واتە هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٢٠ بۆ کاروباری ناوخۆ داندراوە، ژمارە١٢٢ بۆ حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان)

## وێنەی کەسێتیی سەربازیی

١٣١/١١ کەسێتی سەربازی لە فەرماندەیی گشتی.

١٣٢/١١ کەسێتی سەربازی لە هێزی پیادە

١٣٢/٢١ کەسێتی سەربازی لە هێزی ئاسمانی

١٣٢/٣١ کەسێتی سەربازی لە هێزی دەریاوانی

١٣٣/١١ کەسێتییەکان لە پۆلیسدا

١٣٤/١١ کەسێتییەکان لە پاسەوانی سنووردا

١٣٥/٣٤ کەسێتییەکان لە هێزەکانی ئاسایشدا

(ژمارە ١٣٠ ژمارەی هێزە چەکدارەکانەو ئیتر

ژمارەکانیتر بە دوایدا دێن بۆ نموونە کەسێتییەکان لە هێزی پیادەدا ١٣٠ + ٢ دەکاتە ١٣٢ هەر کەسایەتیەکیش ژمارەیەکی پێدەدرێت واتە دەبێتە ١٣٢/١.. ١٣٢/٢...هتد)

## وێنەی کەسێتیتر

١٤١/١١ باڵیۆز
١٤١/٢١ کۆنسوڵ
١٤١/٣١ دیبلۆماتیتر(ژمارە ١٤٠ ژمارەی کاروباری دەرەوەیەو ژمارە ١٤١ هی پەیوەندییەکانە)
١١٦/١ قازییەکان
١١٦/٢ پارێزەران
١٧٣/٨١ ڕۆژنامەنووسانو کارمەندانی ڕاگەیاندن
١٦٨/١ مامۆستایانو کارمەندانی بواری پەروەردە
١٦٨/١ مامۆستایانی زانکۆ
١٥٩/٨١ کەسایەتییە کرێکارییەکان
١٥٤/٨١ کەسایەتییە جوتیارییەکان
٢٣١ /١٢٧ پارێزگارەکان (موحافیزەکان)
١٧١/٩٨١ ئەدیبان





١٩٦/٨١ پزیشکان
١٩٦/٨٣ پزیشکانی ددان
١٩٦/٨٤ دەرمانخانەگەر
١٩٦/٨٤ پزیشکانی ئاژەڵ
١٩٦/٨٩ کارمەندانی کاروباری تەندرووستی
١٩٠/٨ ئەندازیاران( بە شێوەیەکی گشتی)
١٩٢/٨ ئەندازیارانی بیناسازی
١٩٧/٨ ئەندازیارانی میکانیکی
١٩٤/٨ ئەندازیارانی کارەبا
١٥٤/٨٢ ئەندازیارانی کشتوکاڵ
١٧٧/٢٨١ هونەرمەندان
١٨٩/٤٨ کەسایەتی وەرزشی
١٨٩/٤٨١ کەسایەتی وەرزشی لە تۆپی پێدا
١٨٩/٤٨٢ کەسایەتی وەرزشی لە تۆپی سەبەتە
١٨٩/٤٨٣ کەسایەتی وەرزشی لە تۆپی بالەدا
١٨٩/٤٦٤ کەسایەتی وەرزشی لە یارییەکانی گۆڕەپاندا
١٨٩/٤٨٥ کەسایەتی وەرزشی لە یارییەکانی تێنسدا
١٨٩/٤٨٦ کەسایەتی وەرزشی لە تۆپی دەستدا
١٨٩/٤٨٧ کەسایەتی وەرزشی لە تۆپی سەرمێزدا

١٨٩/٤٨٨ کەسایەتی وەرزشی لە یاری بۆکسێندا
١٨٩/٤٨٩ کەسایەتی وەرزشی لە یاری ململانێدا
١٦١/١١ کەسایەتییەکانی خوێندکاران
١٨٦/٨١ کەسایەتییەکانی ژنان
١٥١/٨١ ئابووریناسان
١٥٢/٨١ ئەندامانی ژووری بازرگانی(بازرگانان)
١٥٣/٨١ پیشەسازیگەران
١٧١/٢٨١ کارمەندانی کتێبخانە
١٨١/١٨ کەسایەتییەکانی ئاینی ئیسلام
١٨١/٢٨ کەسایەتییەکانی ئاینی مەسیحی
١٨١/٤٨ کەسایەتییەکانی ئاینی یەهودی
١٨١/٤٨ کەسایەتییەکانی ئاینی‌تر

# چوارەم
# ئەرشیفکردنی وێنەو هەڵگرتنیان

## ١- هۆیەکانی پاراستنی وێنە

پرۆسێسی ڕێکخستن‌و پۆلێنکردنی وێنە گرنگییەکەی بەدەرناکەوێت، ئەگەر بە ڕێگایەکی زانستی نەپارێزرێت کە سەلامەتی وێنەکان بپارێزرێت، تا بە ئاسانی دەستمان پێیان بگات‌و بەکاریان بێنین،هۆکاری سەرەکی بۆ پاراستنی وێنە تەنیا بۆ پاراستنی وێنە نیە بەڵکو بۆ باشتر بەکارهێنانیەتی، کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ پاراستنی وێنە کە بۆ هەر هۆکارێکیان لایەنی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤ هەیە، وا لە خوارەوەدا ڕێگا گرنگ‌و باوەکانی پاراستنی وێنە رادەگەیەین، دیارە هەر دەزگایەکیش بۆی هەیە پرۆسێسێک پەیرەو بکات کە لەگەڵ توانای دەزگاکەیدا بگونجێت؛

١- زەرفی قەبارە جیاواز بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەشەکانی زانیاری ڕۆژنامەدا بەکاردەهێنرێن، وێنەی بچووك‌و ناوەنجی لە زەرفی قەبارە فۆلسکابی گونجاودا یاخود کەمێك گەورەتردا دادەندرێن‌و لە چەکمەجەی ئاسنین‌و سندوقی





تایبەتیدا ڕێکدەخرێن- ئەم ڕێگایە سەرەڕای سادەیی‌و کەم مەسروفی‌و بە ئاسانی پاراستنیان بەڵام کێشەی زۆری هەیە- گرنگترین‌و یەکەمین کێشە؛ چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك وێنەیەکی دیاریکراوی بوێت پێویستە هەموو زەرفەکە بەتاڵ بکات‌و لە وێنەکە بگەڕێت، ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی تێکچوونی وێنە پارێزراوەکان‌و هۆی پەرت بوون، هەروەها دەبێتە هۆی ونبوون‌و تێکچوونی وێنەکان، ئەمەو سەرەڕای بە فیڕۆ چوونی کات، دووەمین کێشە؛ سەختە بۆ کەسێك کە بزانێت بابەتەکەی فلان وێنە دەخوازێت کە لە فلانە چەکمەجە یاخود سندوق دایە، لەو حاڵەتەدا پێویستە زەرفەکان دەربهێنرێن و ئەو زانیاریانەی کە لە پشتی زەرفەکاندایە بخوێنرێنەوە- ئەگەر زانیارییەکان دەست بکەون- یاخود پێویستە زەرفەکان بکرێنەوەو بە دوای وێنەی خوازراودا بگەڕێین، سێیەم کێشە؛ ئەگەر زەرفەکان ناسك بن لە ماوەیەکی کەمدا دەدڕێن‌و تێك دەچن، چوارەم کێشە؛ گەورەیی‌و بچووکی زەرفەکان کێشە بۆ پاراستنیان درووست دەکات بە تایبەتی لەم حاڵەتەدا زەرفە بچووکەکان دەکەونە

ژێرەوەو لە نێو زەرفە قەبارە گەورەکاندا ون دەبن.

٢- دۆکۆمێنتی هەڵواسراو، یان دۆکۆمێنتی سەرەکی؛ ئەمە جۆرێکی تایبەتە بۆ پاراستنی دۆکۆمێنتەکان ،کە یەکێك لە لاکانی دۆکۆمێنتەکە بە کانزایەك کۆتایی دێت کە شیاوە بۆ نووسینی وردە زانیاریو بە هۆی سکەیەکی تایبەت بە لایەکی چەکمەجەیەکی ئاسنین دەبەسترێت، ئەوەی ئەم جۆرە لە جۆرەکانیتر جیا دەکاتەوە، دەتوانرێت هەموو قەبارە جیاوازەکانی وێنەی تێدا دابندرێنتو هەر لە شوێنی خۆیان سەیریان بکرێت، بە بێ ئەوەی وێنەکان لە شوێنەکە دەربهێنرێن، ئەم دۆکۆمێنتانە لەبەر ئەوەی شوێنەکەیان دیارە دەکرێت بابەتیان لەسەر بنووسرێتو بە خێرایش دەدۆزرێنەوە، ئەو چەکمەجانە شوێنی تایبەتیان هەیە بۆ جێگیرکردنی زانیاریو نووسینی پێویست تابتوانرێت فایلی وێنە پارێزراوەکان دەست نیشان بکرێن.

٣- پەیژەی کانزایی یاخود پەیژەی دارینی فراوانو پان؛ بریتین لە کۆمەڵێك پەیژە کە لەسەر بنکەیەکی ئاسۆینو لە یەك ئاستدا وێنەیان تێدا دەپارێزرێت، هەر تەنیا بە ڕاکێشانی پەیژەکان





بەرەو پێشەوە وێنەکان دەبینرێن کە خانە خانە ڕێکخراون.

ئەم ڕێگایە بە سەرکەوتووترین ڕێگا دادەندرێت بۆ پاراستنی وێنەی قەبارە ناوەنجیو قەبارە گەورە، هەروەها سەلامەتی وێنەکانیش دەپارێزرێنو قەدیان تێک ناچێت، پەیژەکان تابلۆیەکی تایبەتیان پێوەیە کە بابەتی وێنەکان لەسەر هەر پەیژەیەك نووسراوە، ئەم ڕێگایە ئەگەر بە ڕێگاکانیتر بەراورد بکرێت تەکلیفی زیاترە.

بەڵام لەبەر ئەوەی فایلە تایبەتیەکان کوونێکیان تێدایە،ئەمەش کۆمەڵێك ڕێگریو کێشەی هەیە ناکرێت وەك هۆکارێکی سەرکەوتووی پاراستنی وێنە بیر لە بەکارهێنانی بکرێتەوە.

لە کۆتایدا ئەوە بە بیرتان دێنمەوە کە ئەلبوومی وێنەش هەیە وەك هۆکارێکی دیارو بەکارهاتوو بۆ پاراستنی وێنە بەکار دەهێنرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لە نێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە بۆ دەزگا ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندنەکان ئاسایی نیە- وەك ئاماژەی پێدەدەین- وێنە بە بەردەوامی لە ئەلبوومدا دەربهێنرێت تێکدەچێت، ئەمەو سەرەڕای

نرخی بەرزی ئەلبوومو ئەو شوێنەی بۆی تەرخان دەکرێت بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵێك وێنەی زۆرو گەورە هەبوو، واتە ریزێکی دوورو درێژ لە ئەلبوومەمان دەوێت، بەڵام ئەمانە ڕێگرنین بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی سنووردار لە حاڵەتی بوونی وێنەو دۆکۆمێنتی دانسقەو بەهاداری گرنگ جا ئەگەر وێنەکان شەخسی یاخود بابەتی بن، کە کەم بەکاربهێنرێن.

## ب- مەرجی پاراستن(ئەرشیفکردن)ی وێنە

لە پێناوی پاراستنی کۆمەڵێك وێنە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو تا بتوانرێت خاسیەتو شێوەکەی بە تەواوی بپارێزرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرجانەی ئاووهەوا بکرێت؛

١- نابێت وێنەکان لەو شوێنانە بپارێزرێن کە پلەی گەرمیان زۆر بەرزە.

٢- نابێت وێنە لە شوێنی شێدار بپارێزرێت.

٣- نابێت وێنە لەو شوێنانە بپارێزرێن(ئەرشیف بکرێن) کە دووچاری غوبارو پیسبوون دەبێت.

٤- باشترین ناوەند بۆ ئەرشیفکردنی وێنە ئەو شوێنەیە کە ئاوو هەواکەی مامناوەندییەو لە





هەردوو وەرزی هاوینو زستاندا نە گەرمە نە ساردە.

٥- سەرەڕای هۆکارە سرووشتیەکان، هۆکاری مرۆیش هەیە کە هۆکارەکەی لە هۆکارە سرووشتیەکان کەمتر نیەو بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی وێنە وەك پەرتو بڵاوەپێکردنیانو نەگەڕانەوەیان بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا ئەرشیفکراون، هەروەها دڕاندنو ونکردنیانو کێشانی جگەرە لە ئەرشفخانەکانو فڕێدانی پاشماوەی جگەرە لە ئەرشیفخانەکان کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئاگر کەوتنەوە.

# پێنجەم
# خواستن و گەڕاندنەوەی وێنە

لە پێناوی زامنکردنی سەلامەتی وێنە لە دەزگاکانی راگەیاندندا،هەروەها وننەکردنیان، پێویستە کۆمەڵێك بنەماو دیسپلین بۆ نووسەران‌و کرێکاران لە دامەزراوەکاندا دابندرێن، بنەماکانیش ئەمانەن؛

١- پێویستە دەست نیشانی ئەوە بکرێت کە کرێکارانی رۆژنامەو گۆڤارەکان‌و هەروەها میوانان تا چ خاڵێکی کۆگاکان‌و ئەو شوێنانەی وێنەیان تێدا پارێزراوە بۆیان هەیە بچن، یاخود تەنیا فەرمانبەرانی بەشەکە بۆیان هەیە بچنە ژوورەوە.

٢- ئەگەر رێگا دراوە وێنە بۆ دەرەوەی دامەزراوە رۆژنامەگەرییەکان ببردرێت، پێویستە دەست نیشانی ئەوە بکرێت، ئایا بلانکێتی خواستنی وێنە بۆ دەرەوە هەیە؟ ئەگەر دەتوانرێت وێنە ببردرێتە دەرەوە، ئایا مەرجەکان چین‌و ماوەکەی چەندە؟ ئایا بلانکێتی تایبەتی بەم کارە هەیە؟

٣- دانانی دیسپلینێك بۆ خواستنی وێنە لە ناو دەزگاکاندا،کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە تا





کۆمەڵێک وێنە لە ناو بەشەکانی دەزگاکەدا پەرش‌و بڵاو نەبنەوە، لە کاتێکدا ئەگەر مەرجەکانی خواستنی وێنە بە شێوەیەی تەواوو زانستی پیادە نەکرێت ئەوە هەندێك جار ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی گرنگ‌و دەگمەن لە نێو دەزگاکانی راگەیاندندا لە دەست دەدرێن، لە مەرجە گرنگ‌و دیسپلینەکانی بلانکێتی خواستنی وێنە لە ناو دەزگاکاندا ئەم زانیاریانەی تێدایە؛

ا- ناوی بەشداربوو( کەس یان بەش)

ب- ناوی ئەو بەشەی کاری تێدا دەکات( بە گوێرەی کەسەکان)

ج- ماوەی خواستن

د- ژمارەی وێنە خوازراوەکان

ها- زانیاری سەبارەت بە وێنەکە؛ بابەت، ناوی وێنەکە، بۆنە، مێژووی گرتنی وێنەکە،... هتد

و- ژمارەی ئەو چەکمەجەیەی کە وێنەکەی لێدەرهێنراوە، ئەگەر ژمارەی هەبێت.

ز- ژمارەی پۆلێنکردنی فایلەکە،

دەکرێت بلانکێتی خواستن لە شێوەی تۆمارێك(سجل) بێت‌و زانیاری تێدا بێت.

هەروەها لە پێناوی زامنی گەڕاندنەوەی وێنە

خوازراوەکان لە کاتی خۆیدا، پێویستە فەرمانبەری لێپرسراوی ئەرشیفکردنو گەڕاندنەوەی وێنە بە شێوەیەکی دەوری بە بلانکێتەکان(یاخود تۆمار)ی وێنە خوازراوەکاندا بچێتەوە.

٤- لە کاتی گەڕاندنەوەی وێنە خوازراوەکاندا دەکرێت سەرنج لەم خاڵانەدا بدرێت؛

ا- تەئکیدکردنەوە لە سەلامەتی وێنەکان، تا بزانرێت نەدڕاوەو تێك نەدراوە.

ب- لە کاتی خواستنی چەند وێنەیەك یان فایلێکدا تەئکید لە هەموو وێنەکان بکرێتەوە نەوەك وێنەیەك یاخود زیاتر فەوتابن.

ج- لە کاتی وەرگرتنەوەی وێنەکاندا تەئکید لەوە بکرێتەوە ئایا بۆ هەمان چەکمەجەو فایل گێڕدراونەتەوە کە وێنەکەیان لێ دەرهێنراوە(واتە شوێنی ئەسڵیان).





# پەڕاوێزەکان

١- عبدالجبار محمود علي،التصوير الصحفي. بغداد، وزارة العالي والبحث العلمي، ١٩٨٠،ص ١٤

The Simple Camera, An Instrutional Manual Unit. New York,١٩٧٤,٤ Units,١,Lesson ١٦.P.٤

The Simple Camera.P.٤

٤- عبدالجبار محمود علي، المصدر السابق.ص١٨

٥- عامر ابراهيم قنديلجي، المعلومات الصحفية وتوثيقها؛ الارشيف الصحفي، بغداد، دار الرشيد، ١٩٨١،ص ٤٧

٦- محمد علم الدين، الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام.القاهرة، الهيئة لمصرة العامة للكتاب، ١٩٨١،ص٣٤

٧- عامر ابراهيم قنديلجي. المصدر السابق.ص٤٥

٨- محمد علم الدين.المصدر السابق.ص٢٠

٩- عامر ابراهيم قنديلجي،المصدر السابق. ص٤٧

١٠- عبدلجبار محمود علي،المصدر السابق.ص٣٦

١١- محمد علم الدين.المصدر السابق،ص٥٣

١٢- محمد علم الدين.المصدر السابق.ص٤٥-٤٦

١٣- عامر قنديلجي.المصدر السابق.ص٤٨

١٤- بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە سیستەمی پۆلێنکردنو خشتەکردن، سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن؛

- الاتحاد العام الصحفيين العرب.التصنيف العربي للمعلومات الصحيفة.بغداد،

- عامرابراهيم قنديلجي.المعلومات الصحفية وتوثيقها،بغداد،دار الرشيد- ١٩٩٦

# کتێبە چاپکراوەکانم

١- پۆلووی ژووری نووتەك، شیعر،بەغدا- ١٩٨٥
٢- ساکەدەشت،شیعر،بەغدا-١٩٨٨
٣- مرۆڤو تابووت،شیعر،هەولێر-١٩٩١
٤- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان،لێکۆڵینەوە،هەولێر-١٩٩١
٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ،هەولێر-١٩٩٣
٦- پاڵتۆی حزب،شیعر،هەولێر-١٩٩٥
٧- بەرەو سەرەتا،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-١٩٩٨
٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان،بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی،سلێمانی-١٩٩٨
٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن،سلێمانی-١٩٩٨
١٠- منداڵو ئەدەب،لێکۆڵینەوە،چاپی یەکەم، سلێمانی-١٩٩٨،چاپی دووەم،سلێمانی-٢٠٠٦
١١- شەبەك(مێژوو،ئاین،سەرژمێر) لێکۆڵینەوە-وەرگێڕان،سلێمانی-١٩٩٩
١٢- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، سلێمانی-١٩٩٩
١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەی خەبات،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-٢٠٠٠
١٤- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-٢٠٠١
١٥ شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش،





لێکۆڵینەوە،سلێمانی-٢٠٠١
١٦- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی١٩٦١-١٩٩١،بیبلیۆگرافیا،سلێمانی-٢٠٠١
١٧- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-٢٠٠٢
١٨- رۆژنامەو جەنگ،وتار،سلێمانی-٢٠٠٣
١٩- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان،لێکۆڵینەوە،سلێمانی-٢٠٠٤
٢٠- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠،سلێمانی-٢٠٠٤
٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا،لێکۆڵینەوە،سلێمانی- ٢٠٠٤
٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١،سلێمانی-٢٠٠٥

# بەرهەمەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | سەرەتایەك لەزانستی ڕۆژنامەوانی | د. فاروق محەمەد | فەرەیدون ڕەئوف عارف |
| ٢ | نیوتایمز | تانیا ڕیکۆبا | محەمەد مستەفا |
| ٣ | کارما | ن. لازیرین | جەلال دەباغ |
| ٤ | کوردناسی | قەناتی کلاشۆڤیچ | ڕەئوف حەسەن |
| ٥ | ئەفسانەی ئەرمەنی | چارلز داونینگ | عەزیز گەردی |
| ٦ | سروشتو پەرەسەندنی هزر | د. نوری جەعفەر | سابیر بۆکانی |
| ٧ | گرنگی کورد و کوردستان | مەنسور مەخدوم | ڕەفعەت مورادی |
| ٨ | گەندەڵی لەسربیا | کۆمەڵێك نووسەر | محەمەد مستەفا |
| ٩ | فیمینزم | جیەن فریدمەن | فەرشید شەریفی |
| ١٠ | زانستی کیمیا بۆ هەموان | جی. بی. شۆلیین | د. بایەزید حەسەن |
| ١١ | کۆمەڵناسی جەنگ | گاستۆن بۆتۆل | مەنسووری تەیفوری |
| ١٢ | ناوی من سورەیە | بورهان پاموك | زریان ڕۆژهەڵاتی |
| ١٣ | ماڵی بووکە شووشە | هێنریك ئیبسن | تەیمور تاهیر |
| ١٤ | چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عێراق- بەرگی (٣) | عەلی وەردی | غەفوور سالح |
| ١٥ | سیناریۆ | سید فیلد | ئاوات دەوڵەت |
| ١٦ | توێژینەوەیەك دەربارەی سروشتی کۆمەڵی ئێراق | د. عەلی وەردی | خەبات مەحمود فەتاح |
| ١٧ | ئیسلامو ئەوروپا پێکەوە ژیان یان ڕووبەڕووبوونەوە | ئینگمار کالسۆن | بورهان عەبدوڵڵا تۆفیق |
| ١٨ | ئەنتی ماکیاڤیل | فرێدریکی دووەم | موحسین ئەدیب |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩ | ژنی سەردەم | ئەلکسەندەر کولونتای | تەیب عارف |
| ٢٠ | چەپکە گوڵێك | کۆمەڵەێ چیرۆك | جەلال مەحمود عەلی |
| ٢١ | چەند ئەفسانەیەك لە کاریبییەوە | ئەدەبی گەلان | محەمەد کەساس |
| ٢٢ | کولتور چەمکو پێناسە | داریوش ئاشووری | کۆسار فەتاحی |
| ٢٣ | شێوازی هاوڕێیەتی | ئەندرێ ماتیۆس | ناسر سەلاحی |
| ٢٤ | ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن | د. هانی ئەلرەزا - د. رامز عەممار | ئەحمەد سەلام |
| ٢٥ | شانۆی هاوچەرخی سوید | د. فازڵ جاف | دلێر میرزا |
| ٢٦ | سەد ژنی کاریگەر لەمێژوودا | شێبلی ئێلێری | یووسف فەقیهی |
| ٢٧ | دووژن لە ژنێکدا | نەوال سەعداوی | دڵنیا عەبدوڵڵا |
| ٢٨ | یانەی بکوژان | مایکل ئوبرسکالسکی | سوارە قەلادزێی |
| ٢٩ | پاڵنەرەکانی جەنگ | ئانشتاینو فرۆید | مەریوان هەڵەبجەیی |
| ٣٠ | سۆزانییە بەرێزەکە | ژان پۆل سارتر | فەرهاد پیربال |
| ٣١ | زمـــان | بێرنارد کەمرێ ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن ك.دەیڤید هاریسن | کامل محەمەد قەرەداخی |
| ٢٢ | قەناعەتپێکردنی سیاسی | چەنگیز ئانك | زریان ڕۆژهەڵاتی |
| ٢٣ | کورد لەعیراق | کەریم یەڵدز | شاهۆ بورهان |
| ٢٤ | سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی | د. عەبدولحەلیم سەمعان | سۆزان جەمال |
| ٢٥ | فەلسەفەی مارکسیزم | پودوسیتنیك و یاختوت | جەلال دەباغ |
| ٢٦ | جیهانێتیو جیهانگیری | ئەلسەید یاسین | ئەحمەد قادر سەعید |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧ | فەلسەفەی هێگل | کۆمەڵێ نووسەر | ڕێبین ڕەسوڵ |
| ٢٨ | بەجیهانێتی و جیهانگیری | سەید یاسین | ئەحمەد قادر |
| ٢٩ | فەلسەفەی هیگل | کۆمەڵێ نوسەر | ڕێبین ڕەسول |
| ٣٠ | فەلسەفەی مارکیسزم | ڤ. پودوسیتنیک و یاخوت | جەلال دەباغ |
| ٣١ | قەڵای پەری | بەهرام ئەفراسیابی | سامان عەبدوڵلا |
| ٣٢ | سەردەشت لەئاوێنەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا | فەرەیدون حەکیم زادە | حەمە ڕەسول حەسەنپور |
| ٣٣ | دامەزراندنی ئەمەریکا و دەستوورەکەی | لیدیا بجورنلوند | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٤ | چارەسەری کێشەی کۆلیسترۆل | زانکۆی کەنەدا | کەیومەرس عەبدولغەفور |
| ٣٥ | چەردەی کۆمەلایەتی بەرگی ٤ | عەلی وەردی | غەفور ساڵح |
| ٣٦ | وانەکانی مێژوو | ویل و ئاریل دۆرانت | پێشرەو حسێن و سۆران عەبدوڵلا |
| ٣٧ | شیعر چییە؟ | لۆرەنس پیرین | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٣٨ | حاڵەتی جەنگ | جیمس ریزن | حەسەن عەبدولکەریم |
| ٣٩ | مووخۆرکە | عەزیز نەسین | غەریب پشدەری |
| ٤٠ | یانزە دەقی شانۆنامی بیانی | کۆمەڵێ نووسەر | نوری سەعید |
| ٤١ | ڕێگای ئازادی | هواد فاست | جەلال دەباغ |
| ٤٢ | سایکۆلۆجیای منالّ | د. حابس ئەلعەواملە | ئیسماعیل مەعروف |
| ٤٣ | دنکە هەنار | کۆمەڵێک نووسەر | عەزیز گەردی |
| ٤٤ | دیدەنییەکی نوێی مێژوو | محەمەد حەسەنێن هەیکەل | محەمەدمستەفا |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥ | خۆراکی سروشتی و رازی تەندروستی | ئارشای ورئاواشیان | ناسر سەلاحی |
| ٤٦ | مردنی بەڕێز وەزیری پێشوو | د. نەوال ئەلسەعداوی | جیڤارا کەمال |
| ٤٧ | سەرمایەی کۆمەلایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی | فۆکۆیاما | کامیل قەرەداغی |
| ٤٨ | ئەم شارە دزی تێدا نییە! | گابریل گارسیا | دلاوەر عەبدوڵلا |
| ٤٩ | جینۆسایدی ئەرمەنییان | ئارنۆڵد توینبی | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٥٠ | مەغۆل لەمێژوودا | د. فوئاد عەبدول | نهاد جەلال |
| ٥١ | گوڵبژێرێك لەبێماناترین حیکمەتەکان | کۆمەڵێك نووسەر | فوباد رەسول گورون |
| ٥٢ | تیۆری کۆمەلایەتی لە پارسۆنز بۆ هابرماس | ئایان کریپ | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٣ | نواندن لە سینەمادا | مایکل کین | سەروەر قەرەداغی |
| ٥٤ | پەروەردە لەنێوان نازو تەندوتیژیدا | فەرید حەسەن | هەڵوێست عەبدوڵلا |
| ٥٥ | موسادی ئیسرائیلی | چەند نووسەرێك | هێرش هەورامی |
| ٥٦ | ئەلف بێی کارکردن لەکەناڵەکانی راگەیاندن | جف پریدمور | مەجید ساڵح |
| ٥٧ | ئەرشـیفکردنی وێنـە لـەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری | عامر ئیبراهیم | نەوزاد عەلی |
| ٥٨ | ئیشکالیەتی مێژوو و ناسنامە | نامەی ماستەر | نەوزاد جەمال |
| ٥٩ | ئەفلاتون و ئافرەت | ئیمام عەبدول فتاح | ئـەژین عەبـدول خلق |
| ٦٠ | کۆتایی مێژوو | فرانسیس فۆکۆیاما | ئیسماعیل کوردە |